حەرامبوونی ئافرەتانی موجاهیدەکان لەسەر نەڕۆیشتووان (بۆ جیهاد) وەکو حەرامبوونی دایکیانە لەسەریان

لە بورەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «حەرامبوونی ئافرەتانی موجاهیدەکان لەسەر نەڕۆیشتووان (بۆ جیهاد) وەکو حەرامبوونی دایکیانە لەسەریان، هەر پیاوێک لەوانەی نەڕۆیشتوون (بۆ جیهاد) کاتێک سەرپەرشتی خێزانی پیاوێک لە موجاهیدەکان دەکات، وخیانەتیان لێبکات لە خێزانیاندا ئەوا دەوەستێنرێت لە ڕۆژی قیامەتدا لە پێش موجاهیدەکە، وئەویش (موجاهیدەکە) لە چاکەکانی دەبات هەتاوەکو ڕازی دەبێت»، پاشان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئاوڕی بۆ لامان دایەوە وفەرمووی: «ئایا گومانتان چییە (هیچ شتێک جێدەهێڵێت -لە چاکەکان-)؟».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

بنچینە ئەوەیە ئافرەت حەرامە لەسەر پیاوانی بیانی وئەم حەرامبوونەش زیاترە سەبارەت بە خێزانەکانی موجاهیدەکان ئەوانەی کە دەرچوون لە پێناو خوای گەورە بۆ جیهاد وتێکۆشان لە پێناوی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- وئافرەتەکانیان لە پاش خۆیان جێهێشتووە، ومتمانەیان بە ئەوانە هەیە کە ماونەتەوە بۆئەوەی وەکو سپاردە بیانپارێزن لە شەڕی خراپەکاران. بۆیە واجبە لەسەر ئەوانەی کە دەرنەچوون بۆ جیهاد لە پێناو خوای گەورە؛ شەرەف وناوبانگی ئەو ئافرەتانە ومێردەکانیان بپارێزن ونەبنە هۆی تانەدان لە شەرەف وناوبانگیان، نە بە تەنها مانەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتانە ونە بە نەزەرکردن وسەیر کردنیان ونە بە قسەی ناڕەوا ودوور لە ڕەوشتی بەرز؛ چونکە ئەوان حەرامن لەسەریان هەروەکو حەرامبوونی دایکیان لەسەریان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە پێویستە مرۆڤ ئەوەی لەسەریەتی بەرامبەریان لە جێبەجێکردنی پێداویستیەکانیان وچاودێری کردنیان وپاراستنیان وگەیاندنی خێر وچاکە بۆیان ولابردنی زیان لەسەریان ونابێت خیانەت لەو موجاهیدانە بکات یان هەوڵبدات بکەوێتە نێو کارێکی حەرامەوە. -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (هەر پیاوێک لەوانەی نەڕۆیشتوون -بۆ جیهاد- کاتێک سەرپەرشتی خێزانی پیاوێک لە موجاهیدەکان دەکات، وخیانەتیان لێبکات لە خێزانیاندا ئەوا دەوەستێنرێت لە ڕۆژی قیامەتدا لە پێش موجاهیدەکە، وئەویش -موجاهیدەکە- لە چاکەکانی دەبات هەتاوەکو ڕازی دەبێت): واتا هەرکەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر خێزانەکانی موجاهیدەکان لەکاتێکدا ئەوان ئامادە نین وخیانەت بکات، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ڕوخسەت دەدات بە موجاهیدەکە بۆئەوەی لە چاکەکانی ئەو خیانەتکەرە ببات؛ بۆیە موجاهیدەکە لە چاکەکانی خیانەتکەرەکە دەبات هەتاوەکو ڕازی دەبێت وئاسوودە دەبێت هێندە چاکەی لێبردووە. پاشان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئاوڕی بۆ لای هاوەڵان دایەوە وفەرمووی: (ئایا گومانتان چییە -هیچ شتێک جێدەهێڵێت -لە چاکەکان-؟): ئایا گومانتان چییە سەبارەت بە ویست وئارەزووی موجاهیدەکە لەسەر بردنی چاکەکان وزۆرکردنیان لەو ڕۆژە سەختەدا؟ واتا هیچ چاکەیەکی بۆ جێناهێڵێت وهەمووی دەبات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8901